# دابەشبونی جوگرافی ناوچە شوێنەوارییەکان و چۆنیەتی پەرەپێدانیان لە قەزای ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)

**ئەژین ئەنوەر یوسف[١] - چنار محمود ابراهیم[٢] - هوشیار ابراهیم مینە[٣]**

[١+٢+٣]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان،عێراق.

**پوختە:**

ناوچە شوێنەوارییەکان بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ڕەخساندنی گەشتیاری و توانستێکی گرنگی مرۆیی دادەنرێت، لەم توێژیینەوەیەدا بە ناونیشانی دابەشبونی جوگرافی ناوچە شوێنەوارییەکان و چۆنیەتی پەرەپێدانیان لە قەزای ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، ئامانج لێی دەرخستنی چۆنیەتی دابەشبونی ناوچە شوێنەوارییەکان و پەرەپێدانیەتی لە قەزاکەدا، هەروەها خستنەڕوی گرفتەکانی ناوچە شوێنەوارییەکانە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژیینەوەکە، میتۆدەکانی وەسفی و شیکاری بەکارهێنراون، لەگەڵ بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(Arc GIS v.10.8) بۆ دروستکردنی نەخشەی پەیوەندیدار بە ناوچەی توێژینەوە و دابەشبونی ناوچە شوێنەوارییەکان لە قەزاکەدا. توێژینەوەکە بە چەند دەرەنجامێک گەیشتوە، لەوانە لە قەزای ڕانیە نزیکەی ٦٣ ناوچەی شوێنەواری بونیان هەیە و هۆکارن بۆ ڕاکیشانی سەرنجی گەشتیاران. دابەشبونی جوگرافی ناوچە شوێنەوارییەکان بە جۆرێکە کە لە یەکەوە نزیکن، بێگومان ئەمەش گرنگە لەبەرئەوەی گەشتیاران دەتوانن لە ماوەیەکی کەمدا سەردانی چەندین ناوچەی شوێنەواری بکەن بە تێچونێکی کەم. بۆ پەرەپێدانی ئابوریی ناوچەکە و پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزاری، پێویستە گرنگی بدرێت بە ڕاکیشانی ڕێگای گواستنەوە بۆ ناوچە شوێنەوارییەکانی سنوری قەزاکە و ناساندنی زیاتر و دەرخستنی توانا گەشتیارییەکانی ناوچەکە.

**کلیلە وشەکان:** (شوێنەوار، پەرەپێدان، قەزای ڕانیە، قەڵا، گەشتوگوزار).



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32**

**Article Info:**
**DOI:** [10.26750/Vol(10).No(2).Paper32](https://doi.org/10.26750/Vol(10).No(2).Paper32)
**Received:** 10-Apr-2023
**Accepted:** 25-May-2023
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
azhin.anwar@uor.edu.krd
chnar.mahmood@uor.edu.krd
hushyar.ibrahim@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

دابەشبونی ناوچە شوێنەوارییەکان تەنها کاریگەرییان لەسەر ناساندن و گێڕانەوەی دیرۆکی جوگرافی شوێنەکان نییە بە تەنها، بەڵکو ڕاستییەک بونی هەیە کە هەر ناوچەیەکی شوێنەواری گەواهیدەری بونی شارستانیەت و مێژوی ڕابردوی گەل و نەتەوەیەک بێت، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆکارێکیش بۆ سەرنج ڕاکێشان بۆ ناساندنی ژیانی گەلانی پێشوتر، ئەمەش دەبێتە بنەمایەک بۆ دروستبونی جۆرێک لە جۆرەکانی گەشتوگوزار کە ئەویش گەشتوگوزاری مێژویی و شوێنەوارییە. گەشتوگوزار لقێکی گرنگ لە جوگرافیایی ئابوری پێکدەهێنێت و ڕۆڵێکی کارا لە پەرەپێدانی ئابوری دەگێرێت. هەروەها گەشتوگوزار بە هۆکارو ئامرازێکی گرنگی شارستانی و فیکری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دادەندرێت، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ لە ئابوری وڵاتاندا دەبینێت.

گەشتوگوزار کۆمەڵە دیاردەو چالاکییەکی مرۆییە و ئەو پەیوەندییە کاتێک دروست دەبێت کە کۆمەڵە کەسێک لە شوێنی نیشتەجێی‌بونی هەمیشەیی کە بە گەشتیار ناسراون بچن بەرەو ناوچەیەکی دەرەوەی شوێنی هەمیشەییان و دور لە هێنانەدی قازانجی ماددی.

لەم ڕوانگەیەوە گرنگیدان بە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بە پێداویستییەکی گرنگ دادەندرێت، لەبەرئەوەی دەبێتەهۆی گەشەپێدانی ئابوری وڵات و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان لە میانەی نەهێشتنی بێکاری و زیادکردنی بوارەکانی کارکردن، هەروەها گەشەسەندنی باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ئەمانە گشتیان بە پەرەپێدانی گەشتوگوزاریەوە بەندن.

قەزای ڕانیە بەهۆی بونی کومەڵێک ناوچەی شوێنەواری و دابەشبونی بەسەر شوێنە جیاوازەکانی دەکرێت لەسەر بنەمای زانستی و بە پشت بەستن بە توانستە جوگرافییەکانی گەشتوگوزار پەرەیان پێبدرێت و بکرێنە بنەمایەکی ئابوری گرنگ بۆ ناوچەکە.



**Original Article / Doi:** [10.26750/Vol(10).No(2).Paper32](https://doi.org/10.26750/Vol(10).No(2).Paper32)

## كێشەی توێژینەوە:

كێشەی توێژینەوە بە پرسیار دەست پێدەكات بەم شێوەیە:

١-ئایا ناوچەی توێژینەوە خاوەنی توانستە مرۆییەكانە بە تایبەت شوێنەوارەكان، بە مەبەستی پەرەپێدانی گەشتیاری و ڕاكێشانی گەشتیاران؟

٢-ئایا نەبونی خزمەتگوزاری كنە و پشكنین لە ناوچەی توێژینەوە ڕێگر بوە لە ناساندن و سود لێوەرگرتنی بۆ چالاكی گەشتوگوزاری؟

## گریمانەی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەكی زانستی پێویستە لە گریمانەیەک یا چەند گریمانەیەكەوە سەرچاوەی گرتبێ، ئەم توێژینەوەیە لەم گریمانانەی خوارەوە سەرچاوەی گرتوە:

١-ناوچەی توێژینەوە خاوەنی توانستە مرۆییەكانە بە تایبەت ناوچە شوێنەوارییەكان بۆ مەبەستی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری.

٢- نەبونی خزمەتگوزاری كنە و پشكنین لە ناوچەی توێژینەوە ڕێگربوە لە ناساندن و سود لێوەرگرتنی بۆ چالاكی گەشتوگوزاری لە ناوچەكەدا.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەكە لەوەدایە كە ناوچە شوێنەوارییەكان دەگونجێت بكرێنە یەكێک لە توانستەكانی ڕاكێشانی گەشتیاران بۆ ناوچەكە و بوژانەوەی سەرخان و ژێرخانی ئابوری و ڕەخساندنی هەلی كار و هێنانی دراوی بیانی و هوشیاری نەتەوایەتی.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەكی توێژینەوە بریتیە لە:

١-دەرخستنی چۆنیەتی دابەشبونی ناوچە شوێنەوارییەكان و پەرەپێدانیەتی لە قەزاكەدا.

٢-خستنەڕوی گرفتەكانی ناوچە شوێنەوارییەكانە.

## میتۆدی توێژینەوە

هەمو توێژینەوەیەكی زانستی پێویستە پەیڕەوی میتۆدێكی زانستی یان زیاتر بكات بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەكە، بۆیە لەم توێژینەوەیە پشت بە میتودی (وەسفی و شیكاری) بەستراوە، بە جۆرێک بۆ دەرخستنی توانستە جوگرافییەكان میتۆدی وەسفی بەكارهاتوە، و بۆ شیكردنەوەی داتا و فۆرمی ڕاپرسی پشت بە میتۆدی شیكاری بەستراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

بەگوێرەی ئەو دو میتۆدەی کە ئاماژەی بۆ کرا، وای خواستوە پشت بە هەردو سەرچاوەی ئۆفیسی و کێومالّی مەیدانی ببەسترێت، بۆ ئەو مەبەستە فۆرمی ڕاپرسیمان بەکارهێناوە بۆ چۆنیەتی پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەکان بە مەبەستی گەشتوگوزار.

## ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای پارێزگاکە و بەشی باکوری خۆرهەلاّتی هەرێمی کوردستان و عێراق. وەک لەنەخشەی (١) دا نیشان دراوە. ئەم قەزایە تاوەکو سالّی(١٩٥٦) یەکێک بوە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای هەولێر، بەلاّم دواتر خراوەتە سەر پارێزگای سلیمانی (حسن، ١٩٥٨، لا٤٢٤). لەڕوی پێگەی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٦.٧-٣٦.٣٠) باکورو هێلّەکانی درێژی(٤٤.٣٠- ٤٤.٥٥) خۆرهەلاّت وەک لە نەخشەی (٢) دا نیشان دراوە. قەزای ڕانیە لە بەشی باکوری هاوسنورە لەگەلّ هەریەک لە قەزاکانی (سۆران و شەقلاّوە)، کە سەر بە (پارێزگای هەولێر)ن، لە بەشی باشور و باشوری خۆرهەلاّتیشی هاوسنورە لەگەلّ زێی بچوک و (قەزای دوکان)، لە بەشی خۆرهەلاّتیشی هاوسنورە لەگەلّ (قەزای پشدەر)، بەشی خۆرئاوا و باشوری خۆرئاواش هاوسنورە لەگەلّ (قەزای کۆیە) کە سەر بە پارێزگای هەولێرە. هەروەک لە نەخشەی (٢)دا نیشان دراوە.


قەزای ڕانیە شوێنێکی جوگرافی گرنگی هەیە کە وەک ئەلّقەیەکی پەیوەندی وایە، بەهۆی ئەوەی ئەو کاروانە بازرگانیانەی کە لە کۆیەوە بە(ڕانیە)دا تێدەپەڕن و لەوێشەوە بەرەو قەلاّدزێ دواتریش بەرەو شاری (سەردەشت)ی ئێران دەڕۆن(أحمد، ٢٠٠٩، لا٩٧). واتە قەزای ڕانیە کەوتۆتە سەر ڕێگای بازرگانی نێوان ولاّتانی عێراق و ئێران، ئەمەش وای کردوە ناوچەی توێژینەوە لەڕوی هەلّکەوتەی شوێنییەوە بایەخێکی گرنگی هەبێت بەتایبەتی لەبواری بازرگانی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

نەخشەی (١)

شوێنی ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق







Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، هۆبەی Gis، نەخشەی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی و قەزای ڕانیە، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

٢-بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکانArc Gis 10.8

نەخشەی (٢) شوێنی ئەسترۆنومی و کارگێڕی قەزای ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

١-سیروان محمد مەهدی، شیکردنەوەی شوێنیی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٧، لا٥.

٢-بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکانArc Gis 10.8



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32**

## تەوەری یەکەم: دابەشبونی شوێنی ناوچە شوێنەوارییەکان لە قەزای ڕانیە

ناوچە شوێنەوارییەکان بە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی گەشتوگوزار دادەنرێت، لە هەندێک وڵات بونەتە لایەنێکی سەرەکی گەشتوگوزار، چونکە سەرچاوەی داهاتن بۆ زۆر وڵاتان، ئەم گرنگییە زیاتر دەبێت هەرچەندە شوێنەوارە مێژوییەکان دەگمەن و دانسقە بن لە ناوچەکەدا(توفیق، ٢٠٠٦، لا٨١).

قەزای ڕانیە یەکێکە لەو قەزایانەی کە خاوەنی میژویەکی کۆنە، شوێنەوارە میژوییە کۆنەکانی ئەم ناوچەیە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دوەمی پێش زاین (زادە، ٢٠٠٤، لا٩)، لەناوچەکە نزیکەی (٦٣) شوێنەواری مێژویی لە قەڵات و گرد و گۆڕستان بونیان هەیە (المديرية الأثار، ١٩٧٠، ص٣٤٨-٣٥٠)، لە هەڵمەتێکی پشکنینی فراوان لە ناوچەی گۆمی دوکان و دەشتی بیتوێن لەساڵی (١٩٥٤-١٩٥٥) نزیکەی (٤٠) گردی شوێنەواری دەستنیشانکراون لە گرنگترینان (گری باسموسیان و گردی دێمە و گردی کامەریان و گردی قوڕەشینە و گردی دوگردان و گردی شمشارەیە(قەرەداغی، ٢٠٠٤، لا١٢).

بەسەرنج دان لە نەخشەی (٣) بۆمان دەردەکەوێت کە قەزای ڕانیە خاوەنی چەندین شوێنەواری گرنگە، کە بەسەر هەریەک لە ناحیەکان بە شێوەیەکی جیاواز دابەشبوە، لەوانە لە سەنتەری قەزاکە: (قەڵاتی ڕانیە کە دەکەوێتە سەنتەری شارەکە لە ئێستادا گەڕەکێکە لە شارەکە، گردە دێمە و گردی شمشارە و گردی بۆسکین بونیان هەیە).

لە ناحیەی چوارقوڕنە (چەندین گردی شوێنەواری بونیان هەیە، وەکو گولەک، وارنکەی سەرو، شارستین، ئیبراهیم کەچەڵ، باب و کوڕ) وە قەڵاتی قروچە و گردی (سەلکی و سەرخرمە و بلێڵ و ئالیاوە) بونیان هەیە.

هەروەها ناحیەی حاجیاوا چەندین شوێنەواری دێرینی لەخۆگرتوە، گرنگترینیان ئەشکەوتی (دۆڵناران، حەزرەتی ئیبراهیم) ئەوانیش کەوتونەتە گوندەکانی دۆڵناران و گەرمکەداڵ لە بەشی باکوری خۆرهەڵاتی ناوچەکە، هەروەها گردەکانی تری وەک و (گردی تلێ، پوکەی سەرو، کانی ماران، نەمرود) کەوتونەتە باشی باکور و باشوری ناحیەکە. جگە لەمانە پاشماوەی شوێنەواری گۆڕستان لە ناوچەکە بەدیدەکرێت وەک (شێخ وەفا، داربی بادام، کانی توان) کە دەکەونە نزیک گوندەکانی زنگ زنگە و قوڕە بەرازە و کانی توان لە بەشی ناوەڕاست و خۆرئاوای ناحیەکە، مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین(مەهدی،٢٠١٧،لا١١٩).

شوێنەوارە مێژوییەکانی ناحیەی سەرکەپکان بریتین لە: (ئەشکەوتی گۆڕەبۆت، ئەشکەوتی بۆتێ، ئەشکەوتی بێتکار)، ئەوانیش کەوتونەتە گوندەکانی بۆتێ و نۆرەی سەرو لە باکور و خۆرئاوای ناحیەکە، هەروەها شوێنەواری (ئەشکەریان) لە گوندی گولان کە پاشماوەی کۆن و گۆزەی تێدا دۆزراوەتەوە، لە بەشی باکوری خۆرهەڵات و باشوری ناوچەکە دو شوێنەواری گۆڕستان بەدیدەکرێت، یەکێکیان کەوتۆتە گوندی مەحباب و ئەوەی تریان لە گوندی بەرد حوشترە، قەڵای زەڵ و قەڵاسەیدە شوێنەواری کۆنی هەڵکەندراون کەوتونەتە گوندەکانی سارتکە و قەڵاسەیدە لە ناوەڕاستی ناحیەکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

گوندی بێتواتە کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ناحیەکە و بە کۆنترین گوندی قەزاکە دادەندرێت، لە باشوری گوندەکە ناوچەی شوێنەواری دێرینی تێدا دۆزراوەتەوە لەوانە (قەڵای تەختی خورشیدی خاوەری زەمین، کونە قەڵات، پیرنە، سیمینان) کە مێژوەکەیان بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها سێ ئەشکەوتی تریش کەوتونەتە گوندی سەرئەشکەوتان، لە بەشی باکوری ناوچەکە قەڵاتەکانی (گاروان، قەڵاتەجو) کە دەکەونە گوندەکانی هەرتەل و هەرمک، قەڵای سەروچاوە کەوتۆتە بەشی باشورەوە، لە بەشی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ناحیەکە چەند گردێکی شوێنەواری تێدایە ئەوانیش گردەکانی (ئامانج، جوت سوێسکە، خرە گریسە) کە کەوتونەتە گوندەکانی ئامانج و شکارتە و سوێرە و زیخان(مەهدی،٢٠١٧،ل١١٩).

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە بڵێین بونی شوێنەوار و پاشماوە دێرینەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ناوچەکە بە درێژایی مێژو سەنتەرێکی ئاوەدانی بوە، ئەمەش کاریگەری هەبوە لەسەر دابەشبون و گەورەیی قەبارەی نشینگەکان. بەهۆی بونی کۆمەڵێک ناوچەی شوێنەواری گرنگ لە دەڤەری ڕاپەرین و گرینگی ناوچە شوێنەوارییەکانی لە ڕوی مێژوییەوە، کە ئەمانەش تەواوی گرد و ئەشکەوت و هەڵکۆڵدراوە کۆنەکان لە ناوچەکەدا لەخۆ دەگرێت، هەروەها بونی چەندین گۆری کەسایەتییە ناسراوەکان و دیارەکان، و بونی چەندین ناوچەی شوێنەواری ئایینی. لێرەدا چەند ناوچەیەکی شوێنەواری دەناسێنین کە گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە بەم شێوەیە:

## یەکەم : گولەک:

گردی گولەک ناوچەیەکی شوێنەواری مێژوییە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شارۆچکەی چوارقوڕنە، بەرزی گردەکە دەگاتە (٩)م، دوا بە دوای ئەنجامدانی کاری هەڵکۆڵین لە لایەن تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ڕاپەڕین دەرکەوت کە لەم گردە شوێنەوارییەدا چەند چینێکی شارستانی مێژویی هەیە، کە کۆنترینیان دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوریەکان، و لە بەشی سەرەوەی گردەکە چەند کەلوپەل و پارچە شوێنەوارێکی سەردەمی ئیسلامییەکان دۆزراوەتەوە، هەرچەندە سالانە ئەم گردە لە لایەن چەند جوتیارێکەوە دەکێڵدرێت و دەکرێت بە کشتوکاڵ هەروەک لە وێنەکانی (١) دا گردەکە و ناوچەکانی دەوروبەری دەردەکەون، بەڵام ئەم گردە هەر بە بەرزی ماوەتەوە و ڕێگای گەیشتن بەم ناوچە شوێنەوارییە ئاسانە چونکە دەکەوێتە بەشی باشوری ڕێگای نێوان چوارقوڕنە و دەربەند بە دوری(٣ کم) (جیراد، ٢٠١٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

وێنەکانی (١) گردی گولەک



سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٩

## دوەم : تەختی خورشیدی خاوەر زەمین

ناوچەیەکی شوێنەوارییە لە ناحیەی بێتواتە دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی گوندی بێتواتە و دەروانێتە سەر دۆڵی بێتواتە، کە بریتییە لە بەردێکی شێوە تەختی داتاشراوی گەورە و نوسینەکانی لە نزیک دامێنی گردێکی گەورە دۆزراوەتەوە، کە پێی دەڵێن قەڵای بێتواتە(حمە، ٢٠١٧، لا٢٥). مێژوی ئەم ناوچە شوێنەوارییە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی کۆن، پێکهاتەی ئەم ناوچە شوێنەوارییە بریتییە لە کۆمەڵێک نەخشی سەر بەرد، و چەند گردێکی شوێنەواری لە دەوروبەری بونی هەیە، هەروەها لە بەشی باکوری ئەم ناوچە شوێنەوارییە چەند ئەشکەوتێک هەیە و لە هەندێک لەم ئەشکەوتانەدا کۆمەڵێک کەلوپەلی سەردەمی چاخی بەردینەکان دۆزراوەتەوە. لە بەشی باشوری ئەم ناوچە شوێنەوارییە (حەوت) چاڵی هەڵکۆڵدراوبە شێوەی ئەشکەوت هەیە بەڵام ئەمانە سروشتی نین و دەسکردن وە لە ناویاندا چەند بەڵگەیەکی شوێنەواری دۆزراوەتەوە.

## سێیەم : باب و کوڕ

دو گردی شوێنەوارن دەکەونە خۆرهەڵاتی شارۆچکەی چوارقوڕنە لە دەشتە کشتوکاڵییەکانی سەر ڕۆخی دەریاچەی دوکان، ئەم دو گردە لە شێوەی تەپۆلکەی نزم دەردەکەون دوای ئەنجامدانی کاری توێژینەوەی زانستی لە لایەن تیمەکانی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری ڕاپەرین دەرکەوت کەوا ئەم دو گردە کۆمەڵێک کەلوپەل و پارچەی شوێنەواری بە نرخیان تێدایە کە هەردو گردەکە بریتین لە دو بینای گەورە و مێژوەکەیان بۆ سەردەمی سۆمەریەکان دەگەڕێتەوە، بەپێی ڕای شوێنەوارناسان پێدەچێت ئەم دو بینایە وەک و پەرستگە سودیان لێوەر گیرابێت بەپێی ئەم کەلوپەل و پارچە دۆزراوانە، هەرچەند ساڵانە ئەم گردانە دەکەونە ژێر ئاوی دەریاچەی دوکانەوە بەڵام لە ئێستادا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

تەنها گردێکیان ژێر ئاو کەوتوە هەروەک لە وێنەکانی (٢) دا دەردەکەوێت، ڕێگای گەیشتن بەم دورگانە لە وەرزی هاویندا ئاسانە چونکە دەکەونە نزیک ڕێگای سەرەکی نێوان چوارقورنە و پشدەر(سکوڵ بول، ٢٠١٢-٢٠١٥).

وێنەکانی (٢) / باب و کوڕ



سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٩

## چوارەم : ئەشکەوتی بێتکار

ئەشکەوتێکی شوێنەواری گەورەیە و دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە هەروەک لە وێنەکانی (٣) دا دەردەکەوێت، دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرئاوای گوندی نۆرە لە سنوری ناحیەی سەرکەپکانی قەزای ڕانیە، ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە قەتپاڵی چیای ماکۆک بە بەرزی (٨٧٩م) ئەم ئەشکەوتە بەرزاییەکەی زیاتر لە ٣٦ مەترە و پانی ١١ مەترە لە دۆڵی ئەشکەوتێ بەرامبەر گردی ترمەندۆک، لە سەروی ئەشکەوتەکە کانیەکی لێیە پێی دەڵێن گوێزلینگە و لە پشتی ئەشکەوتەکە کانییەکی تری لێیە بەناوی ئاوی مێوێ، بۆ گەیشتن بەم ئەشکەوتە لە گوندی نۆرەوە پێویستت بە (٢٠) خولەک هەیە کە تەنها ڕێگای بەپێ ڕۆیشتن هەیە، بە پێی وتەی خەڵکی ناوچەکە گوایە لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم لەم ئەشکەوتەدا بت دروست دەکرا، هەر بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە، بەپێی وتەی خەڵکی ئەم دەڤەرە گوایە لەم ئەشکەوتەوە ڕێگایەک هەیە لە شێوەی تونێڵ کەوا چیای ماکۆک دەبڕێت و بەو دیوی چیایەکە لە ڕاست سەرچاوەی ئاوی سەروچاوە دەردەکەوێت، بەڵام لە ئێستادا ئەشکەوتەکە توشی داڕمان بوە و ئەم کونە بزر بوە(تیمی شوێنەوارناسی فەرەنسی، ٢٠١٣).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

وێنەکانی (٣) ئەشکەوتی بێتکار




سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٨

## پێنجەم : ئەشکەوتی دۆڵناران

ئەشکەوتی دۆڵناران دەکەوێتە چیای ماکۆک، هەر لە کۆنەوە وایانگێڕاوەتەوە کە نەمرود پڕی ئەشکەوتەکە داری کۆکردۆتەوە و ئاگری تێبەرداوە و ئیبراهیم پێغەمبەری هاوێشتۆتە ناو ئاگرەکە(باوەیلی، ٢٠٠٨، ل٢٧)، (دۆڵناران) بریتیین لە زنجیرەیەک لە ئەشکەوت و شوێنی حەوانەوەی بەردی. گشت ئەشکەوتەکان بە تەنیشت یەکترەوەن. لە ناو ئەشکەوتەکان جۆری جیاواز لە پارچەی شوێنەواری یان پاشماوەی بەردی هەیە.

## شەشەم : گردی بازموسیان

بریتییە لە گردێکی شوێنەواری لەسەر کەناری دەستە ڕاستی زێی بچوک لە دەشتی (ڕانیە)، یەکەمجار لە نێوان ساڵەکانی (١٩٥٦-١٩٥٨) کاری هەڵکۆلین بۆ ئەم شوێنەوارە لەلایەن زانایانی شوێنەوارناسی عێراقی ئەنجام دراوە وەک و بەشێک لە چالاکی فریاکەوتن، گردی باسموسیان بریتیە لە گردێکی نیشتەجێبون. ڕوبەرەکەی (١٥٠٠م (٤٩٠٠پێ)یە و بەرزییەکەی (٢٣م /٧٥پێ)یە بە تەنیشت گردی (شمشارە)وەیە کە بریتییە لە یەکێک لە گەورەترین پاشماوەکان لە دەشتی (ڕانیە)، لەو کاتەی کنەو پشکنینی بۆ ئەنجام دراوە گوندێک لە باشوری خۆرهەڵاتی گردەکە هەبوە کە لەسەرەتای بیستەکان دروستکرابو ئەم شوێنەوارە ئێستا ژێرئاو کەوتوە، سەردەمەکانی گردی بازموسیان بریتین لە: (سامەرا، ئوروک، ئاشوری ناوەراست، عەبباسی)، هەڵکۆلینەکان (١٦) چینی نیشتەجێبونی دەرخستوە لە ماوەی نێوان ڕۆشنبیری سامەرا (هەزارەی شەشەمی پێش زاین) بۆ (سەدەی نۆیەمی زاینی) (جیراد، ٢٠١٢).




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

## حەوتەم : گردی شمشارە

ئەم گردە دەکەویتە لای ڕاستی زێی بچوک بە دوری (٧)کم لە باشوری خۆرهەڵاتی ڕانیە و (٥)کم لە خۆرئاوای دەربەندی ڕەمکان (گەلی سەنگەسەر)، یەکێکە لە هەرە گرنگترین و پڕبایەخترین گردە شوێنەوارییەکانی کوردستان کە بەرزییەکەی دەگەیشتە (١٩)م و پانیەکەی (٦٠) م و درێژییەکەی (٣٣٠ )م، بەڵام لە ئێستادا تەنیا شوێنەواری گردێکی نیمچە درێژ کۆڵە و بەرز ماوەتەوە بەهۆی دروستکردنی بەنداوی دوکان لە نێوان ساڵانی (١٩٥٤- ١٩٥٩)ی زایینی، لە زستاندا ئاوی بەنداوەکە دایدەپۆشێت و هاوینان دەردەکەوێتەوە.

نەخشەی(٣) دابەشبونی ناوچە شوێنەوارییەکان لە قەزای ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

١-بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکانArc Gis 10.8

2- MISSION ARCHEOLOGIQUE FRANCAISE DU GOUVERNORAT DE SOULAIMANIAH, Territorial dynamics in Northern Mesopotamia from palaeolithic to modern times, Report on the Spring Mission 28 February- 15 March 2013.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

## تەوەری دووەم: گرفتەكانی بەردەم پەرەپێدانی شوێنەوارە مێژووییەكان لە ڕوی گەشتوگوزاری

گرنگی گەشتیاری شوێنەوارە مێژوییەكان لەوەدایە كە شوێنەوارە مێژووییەكان بونەتە پاڵپشتێك بۆ گەشتیاری ناوخۆیی، بەو پێیەی بە یەكێك لە گرنگترین فاكتەرەكان دادەندرێن كە ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی گەشتیاریدا هەیە.

بەو پێیەی لە زۆربەی هەرێمەكانی جیهاندا ناوچە شوێنەوارییەكان، بە یەكێك لە توانستە گەشتوگوزارییەكان دادەنرێت، بە تایبەتی گەشتوگوزاری زانستی، بێگومان بونی ناوچە گەشتوگوزارییەكان لە هەر ناوچەیەك چەندین گیروگرفتی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام هەر یەكێكیان پەیوەندی بەو فاكتەرەوە هەیە كە بۆتە هۆی دروستبونی، لێرەدا باس لە گرفتەكانی بەردەم پەرەپێدانی شوێنەوارە مێژوییەكان دەكەین لە ناوچەی توێژینەوە كە لە ڕێگەی فۆرمێكی ڕاپرسییەوە گرفتەكانی بەردەم پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەكان خراوەتەڕو، هەروەك لە خشتەی (١)دا نیشان دراوە:

١-هاوكاری نەكردنی حكومەت: بونی چەندین ناوچەی شوێنەواری لە قەزای ڕانیە بەدیدەكرێت، دەكرێت بكرێنە ناوچەیەكی گەشتیاری گرنگ و لەگەڵیدا چەندین پرۆژەی گەشتیاری تێدا دروست بكرێت بە هاوكاری حكومەت، بەڵام كەمترین گرنگی بەم لایەنە دراوە بەم هۆیەوە دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە ئەنجامی ڕاپرسیەكەمان دەركەوت كە لە ٩٦%ی خاوەن پرۆژە گەشتیاریەكان گرفتی كەمی هاوكاری حكومەتیان هەیە، كە پێیان وایە حكومەت هیچ جۆرەی هاوكارییەكی نەكردون لەم بارەیەوە.

٢- خراپی ڕێگاوبان لە دەروبەری ناوچە شوێنەوارییەكان، هەرچەندە لە ناوچەی توێژینەوەكەدا بنەما جوگرافییە مرۆییەكان هەبێت، بەڵام بەهۆی كۆمەڵێك گرفت و كۆسپەوە پێش نەكەوتوە و بە دواكەوتویی ماوەتەوە بە تایبەتی لە بواری گواستنەوە، هەڵسەنگاندنی چەندێتی و چۆنێتی و چالاكی ئەم ڕێگایانە بۆ پەرەپێدان و گەشەكردنی گەشتوگوزار، بەم شێوەی ئێستا خزمەتگوزاری پێویست و تەواو پێشكەش بە كەرتی گەشتوگوزاری ناكات، چونكە گەشتوگوزار پێویستی بە ڕێگاوبان و شێوازی هەمەجۆر و پیشكەوتو هەیە، بۆ گواستنەوە و گەیاندنی گەشتیاران بە ناوچەو شوێنە گەشتوگوزاری و دامەزراوەكانی بە ئاسانی و تێچونی كەم، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین هۆكاری ئەمەش لە ناوچەی توێژینەوە بگەڕێنینەوە بۆ سروشتی ناوچەكە كە شاخاوی و سەختە، ڕاكێشانی ڕێگاوبان پێویستی بە كات و سەرمایەی زۆر هەیە، بۆیە لە ناوچەی توێژینەوەكەدا هەست بە كەموكوڕی و تەسكی ڕێگاكان دەكرێت، لەم بارەیەوە ٩٤% دانیشتوانی ناوچەكە بە گرفتێكی سەرەكی هەژماری دەكەن.

٣- نەبونی ڕوبەری فراوان لە دەوربەری ناوچە شوێنەوارییەكان گرفتێكە كە ٨٨%ی دانیشتوانی ناوچەكە بە دەستیەوە دەناڵێنن، چونكە سروشتی ناوچەكە ڕێگای نەداوە كە پرۆژەی گەورە و ڕێگای فراوان دروست بكرێت.

٤- خراپی هەڵكەوتەی شوێنی ناوچە شوێنەوارییەكان بۆتە گرفتێك بۆ زیادكردنی پرۆژە گەشتیارییەكان كە بە ڕێژەی ٧٦% دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لێی نیگەرانن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

٥- نەبونی پرۆژەی گەشتوگوزاری لە دەوربەری ناوچە شوێنەوارییەکان لەوانە چێشتخانە و کافتریا و دوکانە بازرگانی و شوێنەکانی کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانی لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان، هەمو ئەم خزمەتگوزارییانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی گەشتیاران پێویستن بەرامبەر بەو خەرجیانەی دەیکەن، دەتوانرێت دانیشتوانی ئەو ناوچانە سودی لێوەربگرن، دانیشتوانی ناوچەکە بەڕێژەی ٨٣% ئەم گرفتەیان وەکو گرفتێکی سەرەکی ناوبردوە کە هۆکار بوە بۆ کەمی گەشتیار، ئەمەش بۆتە گرفتێکی دیار بۆ بزاڤی گەشتیاری ناوچەکە.

٦- دیاری نەکردنی شوێنی شوێنەواری وەکو ناوچەیەکی گەشتیاری، تەنها ڕێژەی٥.٦% پێیانوایە ئەمە گرفتێک بوە لە ناوچەکە، هەرچەندە دیاریکردنی ناوچە شوێنەوارییەکان و ناساندنیان گرنگی تایبەتی هەیە بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری.

٧- نەبونی ڕێبەرێکی گەشتیاری بۆ شوێنەوارە مێژوییەکان، لە تەواوی وڵاتانی جیهان لە دیاریکردنی ڕێبەری گەشتیاری دەست نیشانی ناوچە شوێنەوارییەکان دەکات و بەم هۆیەوە دەبێتە بنەمایەک بۆ ڕاکیشانی سەرنجی گەشتیارانی ناوەو دەرەوەی وڵات، بەم هۆیەوە ئەم گرفتە وەکو گرفتیکی دیاری ناوچە گەشتیارییەکان دیاری کراوە تەنها بە ڕێژەی٥.٢% دەڵین ئەمە گرفتە بۆ نەبونی کنە و پشکنین بۆ ئەو ناوچانە بۆ زانینی مێژوەکەی و دۆزینەوەی پاشماوەکان لە ناوچەکەدا.

خشتەی (١) فۆرمی ڕاپرسی دەربارەی گرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی شوێنەوارە مێژوییەکان

| ژمارە | جۆری گرفت | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | دیارینەکردنی شوێنی شوێنەواری وەکو ناوچەیەکی گەشتیاری | ٥.٦ | ٩٤.٤ |
| ٢ | خراپی هەڵکەوتەی شوێنی ناوچە شوێنەوارییەکان | ٧٦ | ٢٤ |
| ٣ | نەبونی ڕوبەری فراوان لە دەوربەری ناوچە شوێنەوارییەکان | ٨٨ | ١٢ |
| ٤ | نەبونی پرۆژەی گەشتوگوزار هۆکارە بۆ کەمی گەشتیار | ٨٣ | ٢٧ |
| ٥ | خراپی ڕێگاوبان | ٩٤ | ٦ |
| ٦ | هاوکاری نەکردنی حکومەت | ٩٦ | ٤ |
| ٧ | نەبونی ڕێبەرێکی گەشتیاری بۆ شوێنەوارە مێژوییەکان | ٥.٢ | ٩٤.٨ |

سەرچاوە: فۆرمی ڕاپرسی سەردانی مەیدانی :٢٠٢٣/٠٣/١٨



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

## تەوەری سێیەم: چۆنیەتی پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەكان لە بواری گەشتیاری لە قەزای ڕانیە

پەرەپێدان پرۆسەیەكە هەڵدەستیت بە ڕەخساندنی بارودۆخێكی جیاواز لەوەی پێشوتر كە هەبوە بە پشت بەستن بە توانا مادی و مرۆییەكان لە گشت بوارەكانی ئابوری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا، فەراهەم كردنی ژیانێكی شایستە بۆ تاكەكانی لە ڕوی پركردنەوەی پێداویستی و كارەكانیان، دەتوانین بڵێین كە گەشەپێدان هەوڵی داوە جەخت بكاتەوە لەسەر كۆمەڵێك خاڵ لەوانە:

١-پرۆسەی پلان بۆ دانراو و ئاراستەكراو.

٢-گەشەپێدان ئامانجی دروست كردنی خۆشگوزەرانییە

٣-هەوڵی داوە بۆ بەگەڕخستنی ئەو تواناییانەی هەیە لە كۆمەڵگا (مصطفى و ئەوانیتر، ٢٠٢٢، ل٢١-٢٢).

لە پێناو گرنگیدان و پەرەپێدان بە ڕەوتی گەشتوگوزار پێویستە چەندین هەنگاو بنرێت چونكە لە ئیستادا قەزای ڕانیە سیمایەكی دیاری گەشتیارییە لەسەر ئاستی ئیدارەی ڕاپەڕین و پارێزگای سلێمانی و بگرە هەرێمیش، لەم بارەیەوە دەست نیشانی ئەو هەنگاوانەمان كردوە كە دەبنە هۆكاری پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەكان بۆ مەبەستی گەشتیاری، ئەمەش لە ڕێگەی فۆڕمێكی ڕاپرسی و وەرگرتنی بۆچونی دانیشتوانی ناوچەكە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-ڕێژەی زیاتر لە ٨٩%ی دانیشتوانی ناوچەكە پێیان وایە فراوان كردنی ڕوبەری ناوچە گەشتیارییەكان لە دەوربەری ناوچە شوێنەوارییەكان هۆكارێكە بۆ باشتركردنی ڕەوشی گەشتوگوزار لە ناوچەكە، چونكە دەكرێت پرۆژەی گەشتیاری و كەپرو شوێنی حەوانەوەی زیاتر دروست بكرێت، بێگومان ئەمەش پێویستی بە هاوكاری حكومەت و دەزگا بەرپرسەكانەوە هەیە.

٢- ڕاكیشان و باشكردنی ڕێگاكانی هاتوچۆ بۆ نزیك ناوچە شوێنەوارییەكان دەبێتە بنەمایەك بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار و هاتنی گەشتیاری زیاتر بۆ ناوچەكە بەتایبەتی ئەو شوێنانەی كە كەوتونەتە نزیك ناوچە شوێنەوارییەكان، لەم بارەیەوە ٩٤%ی دانیشتوان جەختیان لەم خاڵە كردۆتەوە.

٣- دروستكردنی پرۆژەی گەشتیاری لە ڕێگەی كەرتی تایبەت، بێگومان دەبێتە فاكتەرێكی بنچینەیی بۆ فراوان كردنی ناوچە گەشتیارییەكان و ڕاكێشانی زیاتری سەرنجی گەشتیار و دەستەبەركردنی شوێنی حەوانەوەی سەردەمیانە لە دەوروبەی ئەم پرۆژانە، بەم هۆیەوە دانیشتوانی ناوچەكە بە ڕێژەی ٩٤.٧% پییانوابوە كە گرنگی هەیە بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار.

٤- دروستكردنی گوندی شوێنەواری ئەم جۆرە پرۆژە ئامانج لێی بریتییە لە نمایشكردنی تەواوی لایەنی مێژویی ئەم ناوچەیە بە دروستكردنەوەی مێژوی ژیان لەم شوێنانە. بەم هۆیەوە ٧٨.٧% وەك خاڵێكی گرنگ ئاماژەیان پێداوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

٥- دروست کردنی بازاڕێکی کلتوری بۆ خستنەڕوی کلتوری ناوچەکە گرنگی خۆی هەیە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار، ڕێژەی لە ٧٢.٤% ی ئاماژەیان بە گرنگی ئەم خاڵە کردوە.

خشتەی (٢)

فۆرمی ڕاپرسی دەربارەی چۆنیەتی پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەکان لە قەزای ڕانیە

| ژمارە | جۆری گرفت | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕاکیشان و باشکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ بۆ نزیک ناوچە شوێنەوارییەکان | ٩٤ | ٦ |
| ٢ | فراوانکردنی ڕوبەری دەروبەری ناوچە شوێنەوارییەکان | ٨٩.٣ | ١٠.٧ |
| ٣ | دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری لەڕێگەی کەرتی تایبەت | ٩٤.٧ | ٥.٣ |
| ٤ | دروستکردنی گوندی شوێنەواری بە مەبەستی گەشتیاری | ٧٨.٧ | ٢١.٣ |
| ٥ | دروستکردنی بازاڕێکی کلتوری بە مەبەستی گەشتوگوزار | ٧٢.٤ | ٢٧.٦ |

سەرچاوە: فۆرمی ڕاپرسی سەردانی مەیدانی :٢٠٢٣/٠٣/١٨

## دەرئەنجام:

١-قەزای ڕانیە یەکێکە لەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندە بە بونی ناوچەی شوێنەواری، کە نزیکەی ٦٣ ناوچەی شوێنەواری بونیان هەیە و هۆکارن بۆ ڕاکیشانی سەرنجی گەشتیاران.

٢- دابەشبونی جوگرافی ناوچە شوێنەوارییەکان بە جۆرێکە کە لە یەکەوە نزیکن، بێگومان ئەمەش گرنگە لەبەرئەوەی گەشتیاران دەتوانن لە ماوەیەکی کەمدا سەردانی چەندین ناوچەی شوێنەواری بکەن بە تێچونێکی کەم.

٣- ناوچە مێژوییەکان و شوێنەوارەکانی ناوچەی توێژینەوە تایبەت نین بە چاخێکی مێژویی بەڵکو دابەشبون بەسەر چەند چاخێکی مێژویی، ئەمەش کاریگەری ئیجابی هەیە و دەبێتە مایەی بەدیهێنانی زۆرترین ئارەزوەکانی گەشتیار.

٤- گرفتەکانی پەرەپێدان لەم توێژینەوەیەدا تەنها جەختی لەسەر چۆنیەتی پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەکان کردۆتەوە بە ئامانجی پەرەپێدانی گەشتوگوزار، بە گوێرەی ئەو ڕاپرسیەی کە ئەنجام دراوە زۆترین دانیشتوان جەختیارن لەسەر کەمی هاوکاری حکومەت و خراپی ڕێگاکانی هاتوچۆ و کەمی ڕوبەری فراوان لە دەوروبەری ناوچە شوێنەوارییەکان.

٥- ڕێژەی ٨٩% ی دانیشتوانی ناوچەکە پێیانوایە فراوان کردنی ڕوبەری ناوچە گەشتیارییەکان لە دەوربەری ناوچە شوێنەوارییەکان هۆکارێکە بۆ باشترکردنی ڕەوشی گەشتوگوزاری شوێنەواری.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

**ڕاسپاردە:**

١- گرنگیدانی زیاتر بە توێژینەوە و کنەو پشکنین بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان لەسەر ئاستی هەرێم و ناوچە خۆجێییەکان بەهۆی ئەوەی کە زۆرێک لە ناوچەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و قەزای ڕانیە هەژارن لەم چەشنە توێژینەوانە.

٢- لە قەزای ڕانیە وردتر لە ناوچە شوێنەوارییەکان پێویستە پرۆژە و هەڵمەتی خستنەڕوی گرنگی گەشتوگوزاری شوێنەواری بخرێتەڕو، لە ڕێگەیەوە بتوانرێت ئەم کلتورە بڵاو بکرێتەوە کە گەشتوگوزاری مێژویی چێژی تایبەتی هەیە.

٣- بنیاتنانی پرۆژەی هاوچەرخی گەشتیاری لە نزیک ناوچە شوێنەوارییەکان، بە ئامانجی کۆکردنەوەی داهاتی زیاتر بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

٤- تەرخان کردن و دەستنیشان کردنی جۆری بەرهەم هێنانی بەروبومە کشتوکاڵییەکان لە سنوری ناوچەکە بە ئامانجی دروستکردنی بازاڕێکی خۆماڵی بۆ ئەوەی لە داهاتودا ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ گلدانەوەی داهات بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە.

٥- ڕاکیشانی ڕێگای گواستنەوە بۆ ناوچە شوێنەوارییەکانی سنوری قەزاکە بە ئامانجی دروستبونی ناوچەی گەشتیاری تازە، گرنگیدانی زیاتر بە ڕەوتی ڕاگەیاندن بە ئامانجی ناساندنی زیاتر و دەرخستنی توانا گەشتیارییەکانی ناوچەکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

# Geographical distribution of Archaeological places and how to develop them in Ranya district

(a study in the geography of tourism).

**Azhin anwar yusif[1] - Chnar mahmood ibrahim[2] - Hushyar Ibrahim mina[3]**

Geography Department, College Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract:**

Archaeological sites are considered one of the main principles of tourism provision and an important human resource in this research entitled Geographical distribution of archaeological places and how to develop them in Ranya district (a study in the geography of tourism). The aim is to show how archaeological areas are distributed and developed in the study area, as well as to highlight the problems of archaeological areas. To achieve the goal of the study, descriptive and analytical methods were used, along with the use of geographic information systems (Arc GIS v. 10.8) to create maps related to the study area and the distribution of archaeological places in the district. The study has reached several results; there are about 63 archaeological sites in Ranya district that attract tourists. The geographical distribution of the archaeological places is so close to each other, which is important because tourists can visit several archaeological sites in a short time at a low cost. To develop the economy of the region and promote the tourism sector, there should be the construction of transportation roads to the archaeological areas in the district and further introduction and showing of the tourism potential in the study area.

**Keywords:** (Archaeology, Development, Ranya District, Castle, Tourism).



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32**

فۆرمی راپرسی توێژینەوە:

ناوی ناحیە:

ناوی گوند:

ژمارەی دانیشتوان:

جۆری شوێنەوار کە بونی هەیە:

## فۆرمی ڕاپرسی(١) دەربارەی گرفتەکانی گەشتوگوزار لە ناوچە شوێنەوارییەکان

| ژمارە | جۆری گرفت | بەڵی | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | دیاری نەکردنی شوێنی شوێنەواری وەکو ناوچەیەکی گەشتیاری | | |
| ٢ | خراپی هەڵکەوتەی شوێنی ناوچە شوێنەوارییەکان | | |
| ٣ | نەبونی ڕوبەری فراوان لە دەوربەری ناوچە شوێنەوارییەکان | | |
| ٤ | نەبونی پرۆژەی گەشتوگوزار هۆکارە بۆ کەمی گەشتیار | | |
| ٥ | خراپی ڕێگاوبان | | |
| ٦ | هاوکاری نەکردنی حکومەت | | |
| ٧ | نەبونی ڕێبەرێکی گەشتیاری بۆ شوێنەوارە مێژوییەکان | | |

## فۆرمی ڕاپرسی (٢) دەربارەی چۆنیەتی پەرەپێدانی ناوچە شوێنەوارییەکان لە قەزای ڕانیە

| ژمارە | جۆری گرفت | بەڵی | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕاکیشان و باشکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ بۆ نزیک ناوچە شوێنەوارییەکان | | |
| ٢ | فراوانکردنی ڕوبەری دەروبەری ناوچە شوێنەوارییەکان | | |
| ٣ | دروستکردنی پڕۆژەی گەشتیاری لەڕێگەی کەرتی تایبەت | | |
| ٤ | دروستکردنی گوندی شوێنەواری بەمەبەستی گەشتیاری | | |
| ٦ | دروستکردنی بازاڕێکی کلتوری بەمەبەستی گەشتوگوزار | | |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

## سەرچاوە:


سكوڵ بول، تیم بواس (٢٠١٢-٢٠١٥)، مامۆستا لە بەشی شوێنەواری زانكۆی كۆپنهاگن، سەرپەرشتیار لە هەڵكۆڵین و توێژینەوە لە گردی باب و كوڕ.

احمد، پشتیوان شفیق (٢٠٠٩)، شیكردنەوەیەكی شوێنی بۆ دابەشبونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە(١٩٥٧-٢٠٠٦)، ماستەرنامە، زانكۆی كۆیە، كۆلێژی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، بەشی جوگرافیا.

جیراد، جێسیكا (٢٠١٢)، شوێنەوارناس لە مۆزەخانەی لۆڤەر و سەرپەرشتیاری ڕوپێوكردنی ناوچە شوێنەوارییەكانی پارێزگای سلێمانی.

باوەیلی، حاجی غەفوری(٢٠٠٨)، كۆناسن كۆنترین شاری دەڤەری ڕاپەڕین، گۆڤاری شمشارە، ژمارە (٤٣)، ڕانیە.

قەرەداغی، ڕافیدە عبدالله(٢٠٠٤)، بیتوێن خاكی دێرین و بە بەها، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە(٧)، سلێمانی.

ڕاپۆرتی كار و كنە و پشكنینی شوێنەواری لە ئەشكەوتی بێتكار لە ناحیەی سەركەپكانی سنوری قەزای ڕانیە لەلایەن تیمی شوێنەوارناسی فەڕەنسی لە پاییزی ٢٠١٣.

مەهدی، سیروان محمد(٢٠١٧)، شیكردنەوەی شوێنیی نشینگە دێهاتییەكانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندەكانی پەرەپێدانیان، نامەی ماستەر، بڵاونەكراوە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین.

زادە، كامەران بابان(٢٠٠٤)، سەرەتایەك بۆ مێژوی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە(٧)، سلێمانی.

مصطفى، فاطمة قادر؛ بێستون احمد حسین، ساكار محمد حسن(٢٠٢٢)، جوگرافیای پەرەپێدان (چەمك و ئامانج و ڕەهەندەكانی)، چاپخانەی هێڤی ٢، هەولێر.

تۆفیق، هەڵبەست عبدالرحمن(٢٠١٢)، توانستە جوگرافییەكانی گەشەپێدانی چالاكی گەشتوگوزاری لە قەزای مێرگەسۆر، نامەی ماستەر، بڵاونەكراوە، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.

حمە، هانا علی(٢٠١٧)، ڕانیە (١٩٥٨-١٩٩١) توێژینەوەیەكی مێژوییە لە بارودۆخی (سیاسی، كارگێڕی، كۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئابوری)، ناوەندی سارا، سلێمانی.

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی(٢٠٢٣)، هۆبەی Gis ، نەخشەی هەرێمی كوردستان و پارێزگای سلێمانی و قەزای ڕانیە، بڵاونەكراوە.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32

المديرية الأثار العامة الموقع الأثرية في العراق(١٩٧٠)، مطبعة الحكومية، بغداد.

دفتر، محمد هادى؛ عبدالله حسن(١٩٥٨)، العراق الشمالي، مطبعة النهار، بغداد.

MISSION ARCHEOLOGIQUE FRANCAISE DU GOUVERNORAT DE SOULAIMANIAH, Territorial dynamics in Northern Mesopotamia from palaeolithic to modern times, Report on the Spring Mission 28 February– 15 March 2013.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper32**